حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەت

حكومة اقليم كوردستان
مجلس الوزراء
السكرتارية

## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٨٩) لە ٢٠٢٢/١٢/٧

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (٨) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٩٨) لە ٢٠٢٢/١٢/٧، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕێکخستنەوەی شاندی دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارەکانی (٧) لە ٢٠١٩/٧/٣٠ و (١٢) لە ٢٠١٩/٨/٧ و (٧٣) لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بە ئەندامێتی سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ تەواوکردنی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و ئامادەسازیی پێویست بۆ جێبەجێکردنی ڕێکار و بڕگەکانی پەیوەندیدار بەم بابەتە لە ناو مینهاجی وەزاریی حکومەتی فیدراڵی و بە گوێرەی دەستوور.

٢. میوانداریێتیکردنی بەڕێز سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی ئەنجومەنی وەزیران بۆ خستنەڕووی دوا پێشهاتەکانی ئەم ناوچانە و نەخشەڕێگای دەستەکەیان بۆ چارەسەری بابەتەکان.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**